# ئەو مێژوویەی مەرزیە بەهەموو كەس تۆمار ناكرێت ... قادر نادر

2005-9-20 ستوكهولم

هه موو مان ماوه ماوه گوێ بیستی ئه وه ده بیین كه له نێوو میلله ته كه مان به رپرسێک، نووسه رێک، هونه رمه ندێک كۆچی دوایی ده كات، ده بن به خه می خێزانه كانیانیان، هاورێكانیان، یان پارته كانیان، لێ كه من ئه وا نه ی دەبن به خه میی هه موو میلله ت، مەرزیه یەكیكه لەوانه.

هه موو ئه وانه ی روزیك له روزان مه رزیه یان ناسی بێت، یان گوێ بیستی دەنكی بووبن، ده زانن چه نده به گیانێكی شۆرشگێری و راستگۆیانه وه ئازاره كانی كوردستانی گه وره ی له باوه ش گرتبوو، سنووره ده ستكرده كانی كوردستانی سریبۆوه له نێو كه سایه تی خۆیدا، ئه گه ر نه ڵێین له هه موو خۆبیشانداكانی ستۆكهۆلم ئه وا له زۆرینه ی یان سه رپه رشتیاری بووه یان له رێزی پێشه وه بووه. .

مه رزیه یه ک زۆر به راستگۆیی خه باتی بۆ نه مانی چه وساندنه وه ی ژنان ده كردهەروەها له زۆرینه ی ئه و ئاهه نگانه ی، كۆمه ک كۆ كردنه وه بوو بۆ منداڵان و ئاواره كانی كوردستان ئه وا رۆڵی پێشه نگی هه بوو. .

بۆ مێژوو ده بێت بڵێین له دادگایی كردنی تاوانبار نزار خه زره جی جگه له به شداریكردنی له خۆپیشاندانه كه ی كۆپنهاگن، رۆژی 2002 -3-16ساز كرا كه هه موو ئه وانه ی له شاری ستۆكهۆلم هاتبوون له په نچه كانی ده ست تێ نه ده په ڕین، جگه له وه له گه ڵ نه جمه ی غووڵامی به جی ئیمزای پاڵپشتی 16هوونه رمه ندیبه

هه لۆێستیان بۆ دادكایی خه زره جی و به شداری كردنی خه ڵک بۆ خۆبیشا ندانه كۆكردوه. .

هەروەها له چه ند ساڵی رابردوودا چه ندین كۆرێ سیمناری بۆ ناوه ندی هه ڵه بجه گێراوه له سه ر تاوانه كانی ئه نفال، هه ڵه بجه، كاره ساتی قارنێ. . . .

كوورد زۆر ئافره تی تێكۆشه ری هه یه، به ڵام كه سیان به ئەندازەی مه رزیه نه یان توانیووه له هه موو بواره كاندا پێشه نگ بن.

مه رزیه توانی ببێت به سیمبوولی ئافره تانی شۆرشگێری كوردستانی، تا دوا ساته كانی ژیانی بۆ سه ره به خۆی كوردستان درێخی له هیج نه كرد.

سڵاوت لێ بێت ئه ی پێشمه رگه ماندونەناسه كهی شاخ و شارو

ها نده ران، ده بخه وه له ته ک یه ڵماز گۆنای و ئه حمه د قایه و قادر كابان و ده یان هونه رمندی نه مری دیكه ا.

rezwankader@hotmail. com